رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-11-2007 12:51

## پایز ئەمشەو دۆستی منە ... سەرهەنگ خامۆش



پایز ئەمشەو ژنێکی شەرمنە
بزەی نەرمی
ئاویزانی ڕووخساری زەردی کردووە
ڕەنگە هێشتا
لە مەرامەکانی ئەوینی من
نەگەیشتبێ
بە ترسەوە
جلەکانی دادەکەنێ...
هەر دوێنێ بوو
دەسگیرانی (شاعیرێك) بوو
کەچی ئەمشەو
ئەلقەی زەردی خەزانم
لە پەنجە سیسەکانی کردووە
وا خەریکە
مارەیی لەمن دەبڕێ...
پایز ڕووتە.. من لەو ڕووتتر
ئەو ڕەنگ زەردو.. من لەو زەردتر
من پایزم.. پایزیش من
پایزئەمشەو دۆستی منە
بۆسبەی شەو
لەباوەشی یەکێکی تر
قژی زەردی شانە دەکا
منیش جەستەم
لەنێو خشپەی گەڵاکاندا
مۆمیا دەبێ و
مارەیی پایز دەژمێرم..
سوڕ دەزانم بۆ بەیانی
منی ڕەنگ زەرد جێ دەهێڵێ
سینەی بۆ (با) واڵا دەکا
لێوی سەوزی تەڕی بارانیش
ماچ دەکا..
پایز ئەمشەو دۆستی منە...

Xamosh_s@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.